٦

# زەمبیل فرۆش

هۆنراوەی:
صدێق بۆرەکەیی (صفی زادە)





# زه مبیل فروش

هۆنراوەی:

صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)

# بەناوی خوای مەزن

گەلێ سپاسی هونەرمەندی کورد کاک فەرشید غەریب نەژاد ئەکەم بۆ وێنـەی بەرگی ئەم پەڕتووکە کە هونەری تێدا نواندووە.



* زنبیل فروش
* سرودەء : صدیق صفی زادە (بورەکەئی)
* چاپ اول : ١٣٦٣
* حروفچینی : آی . بی . ام همراه
* چاپ : چاپخانە فروهر
* تیراژ : ٣٠٠٠ نسخە
* حق چاپ و تقلید محفوظ است



# پێشەکی

لە ناو ئەم کوردەواری ئێمەدا گەلێ چیرۆکو بەسەرهات هەیە کە رووداو و کارەساتی کۆنی نەتەوەکەمان ئەگێڕنەوە، وە ئەم چیرۆکانە شان بە شانی گەلەکەمان دێنە خوارەوەو پەردەی ژیری و خواناسی و ژیانی کۆمەڵایەتیو خوو و رەوشتی بەرزو جوانی پێشینیانمان لە مەیدانی شارستانیەتدا بۆ دەرئەخەن. لە ناو ئەو چیرۆکانەدا ئەتوانین لە چیرۆکی زەمبیلفرۆش ناو ببەین کە لە ناو کوردەواری دا باوەو دەم بەدەم ئەیگێڕنەوە. هەروەها لە ناو گەلەکان و هۆزەکانی تری ئێرانیدا هەندێ چیرۆکو ئەفسانەو رووداو هەیە کە بە دەق لە یەک ئەچن، وە یەکێ لە گرنگترین و بەناوبانگترین چیرۆکی مێژوویی و ئایینی ئێرانی، رووداوو چیرۆکی ئیبراهیمی ئەدهەمە کە لەگەڵ چیرۆکی زەمبیلفرۆشا تۆفیریکی زۆریان نیە.

جگە لەم دوو چیرۆکە کە وتمان چیرۆکێتر هەیە بە ناوی بوودا کە بەسەرهاتوکارەساتی بوودا ئەگێڕێتەوە، وەئەم چیرۆکەهی دووهەزاروپێنجسەد ساڵی لەمەوبەرە، وەکارەساتی ئەم چیرۆکە ئەوەندە لەگەڵ کارەساتی زەمبیل فرۆشو ئیبراهیمی ئەدهەم دانزیکە کە گولدزیهر یەکێ لە خۆرهەڵاتناسان لای وایە ئەم دوو چیرۆکە ئێرانیە لە بەسەرهاتی بوداوە وەرگیراوە.

بەڵام ئەوەی کە روونە چیرۆکی زەمبیلفرۆش یەکێ لە چیرۆکە کۆنەکانی کوردیە، وە ئەم چیرۆکە بۆ یەکەمین جار لە لایەن مەلا باتیەوە لە سەدەی نۆهەمی کۆچیدا بە هۆنراوی هەشت هیجایی بە زاراوەی کرمانجی باکووری هۆنراوەتەوە. پاشان لە سەدەی دوانزەهەمی کۆچیدا لە لایەن مرادخانی بایەزیدیەوە هەر بە هۆنراوی دە هیجایی هەڵبەستراوە. هەر وەها بەشێوەی

بەیتیش بە چە شنی پەخشان و هۆنراو بە زاراوەی کرمانجی باشووری دانراوە، وە لە لایەن پرۆفسور ئۆسکارمان ومیستر فاسۆمەوە کۆ کراوەتەوەو بە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزیش تەرجەمە کراوە.

خۆرهەڵاتناسی بە ناوبانگ رۆدنکوبە چەند چیرۆکی زەمبیلفرۆش کە لە لایەن هۆنەرانی کوردەوە هۆنراوەتەوە دیاردی ئەکا ،وە بە پێی بڕوای ئەو لە نێوانی ئەم چیرۆکانەدا تۆفیرو جیاوازییەکی وا ناکەوێتە بە رچاو، ئەوەندە هەیەکارەساتی چیرۆکەکە وەک یەک وایەولە یەکیان وەرگرتووە، وەنەبێ هەموویان جیا بن و جیاوازییەک لە نێوانیانا نەبێ ،بەڵام نازکی بیرو کەلکەلەیان لە ناو چیرۆکەکەدا تۆفیر ئەکا ،وە لای وایە کە گرنگترین چیرۆکی زەمبیلفرۆش لە لایەن مەلا باتی یەوە دانراوە کە داگری ٢١٨ هۆنراوەو هێشتا لە چاپ نەدراوە.

چیرۆکی زەمبیلفرۆش بیرو بڕوای پاک و خاوێن و رێورەوشتی گەلی پەبەزی کوردمان بۆ ئەگێرێتەوە، وە ئەم چیرۆکە بە پێی رێورەوشتی ئیسلامی هۆنراوەتەوە، چونکە لە ناو چیرۆکەکەدا ناوی پێغەمبەرەکان و فریشتەکان و پیاوانی ئایینی کە ناویان لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ئەبینرێ. پێکگرتنی چیرۆکی زەمبیلفرۆش لەگەڵ بەسەرهات وکارەساتی بوودا و ئیبراهیمی ئەدهەما گەلێ دڵڕاکێشەرو دڵڕفێنە. ئەوا سەرەتا بەسەرهات و کارەساتی زەمبیلفرۆش دێنین و پاشان لەگەڵ رووداوی ئیبراهیمی ئەدهەم و بوودادا پێکی ئەگرین.

زەمبیلفرۆش: بە پێی هەندێ بەڵگەی مێژوویی، ناوی راستە قینەی زەمبیلفرۆش میرسەعید کوڕی میر حەسەنی دیاربەکری یە. زەمبیلفرۆش لاوێکی جوان و رووالّ بوو ،وە هەرکەسێک چاوی پێ بکەوتایە گراوی ئەبوو. میر سەعید هەموو دەم کاتی خۆی بە گەڕان و راوو شکار رائەبوارد. کاتێ بابی کۆچی دوایی کـرد لـە جێی ئەوا دانیشت و بوو بە میری دیاربەکر. هەرچەندە زۆرترینی کاتـی خـۆی لە پێناوی هـەڵسووڕاندنی وڵاتەکـەیدا رائەبوارد ،بەڵام جار جاریش خەریکی سەیران و راوو شکاریش ئەبوو.

رۆژێکیان کـە چووبووە راو ،ئێوارە لە کاتی گەڕانەوەیدا کە نزیک پایتەختەکەی خـۆی ئەبووەوە، سەرنجـیدا دەستەو کۆمەڵەیێک لە خەڵک دارەتەرمێکیان گرتووەتە سەرشانیان و بۆ گۆڕستانی ئەبەن ،وردە وردە لێیان نزیک بووەوە دیتی پیرەمێردیکی روو لە صەد ساڵەو مردووەو ئەینێژن.





میر سەعید لە دڵی خۆیا وتی ئەوە پیر بووەو بۆیە مردووە ،خۆ من جارێ لاوم و جێگای پەژارەو نیگەرانی نیە . بەڵام لەپاش ماوەیێکی تر دیسان چووەراو، وە لـــە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ پایتەخت ،سەیری کرد تەرمێکی تریش ئەبەنە گۆڕستان . بە سوارەکانی خۆی وت راوەستن و خۆی بە تەنیایی رۆیشتە گۆڕستان . کە نزیک تەرمەکە بووەوە لە ئەسپەکەی دابەزی و سەر مردووەکەی هەڵداوە و دیتی گەنجێکی جوانی پێکەوتووە ،وە لاشەکەی ئەخەنە ناو گۆڕێکی تەنگ و تاریکەوە .لە دڵی خۆیا وتی دیارە رۆژگاری سپڵە گەنجان و لاوانیش وەکوو پیران ئەمرێنێ .کە گەیشتەوە بارەگاکەی بڕیاریدا کە پشت لە جیهان و روو لە خوا کا ،وە لەسەر ئەو بڕیارە جل و بەرگی میری لەبەر داکەن و بە خۆی و ژن و منداڵەکانیەوە لە وڵاتەکەی دەرچوو ، وە رووی لە هەندەران کرد تا گە یشتە شارێکی دوورو لەوێ لە خانووچکە یێکدا ژیانیان بردەسەر .

میر سەعیدو خـــاووخێزانی لـــە شاری بێگانەدا نیشتەجێ بوون . ماوە یێک رابوردو هەر چێکیان هەبوو خواردیان و پاشان منداڵەکانی کەوتنە زاق و زیق ، خێزانەکەی سەرزەنشتی کردوپێی وت تۆ بە خۆڕایی وازت لە میری هێناو ئێمەت لە وڵاتی خۆمان ئاوارەو دەربەدەر کرد ،ئێستاوا منداڵەکان لە برسان دا ئەمرن .

میر سەعید خێرا چووە دەرەوەی شارو گیای پیزۆک و قامیش و چەگەنی هێناو خەریکی دورست کردنی زەمبیل بوو و پاشان زەمبیلەکانی هەڵگرت و بردیانیە بازاڕ و فرۆشتیانی و بە پارەو پووڵی ئەو زەمبیلانە نان و پێخۆری بۆ منداڵەکانی کڕی .هەر بەو چەشنە ماوەیێک ژیانی منداڵەکانی بە زەمبیل فرۆشی بردە سەر ، وە پاشان خەریکی پەرستنی خوای تاقانەو نوێژو رۆژوو بوو .

رۆژێکیان زەمبیل فرۆش بەبەر دەرگای بارەگای میردا تێ پەڕی . خاتوون لە پەنجەرەوە چاوی پێ کەوت و گراوی بوو ، وە خێرا خوڵامەکانی ناردە شوێنی زەمبیل فرۆشا تا پەیدای کەن بیێهێننە لای . لەپاش ماوەیێ گەڕان و پشکنینی شار ،سەرئەنجام زەمبیل فرۆشیان دۆزیەوەو بردیانە لای خاتوون . خاتوونیش فەرمانی دا هەموو دەرکەکانیان لە زەمبیل فرۆش داخست تا بە مرازی دڵی خۆی بگا ، بەلام زەمبیل فرۆش لە خوا پاڕایەوە کە ئاڵوودەی گوناه نەبێ ،لەپڕ روانی پەنجەرەیێک ئاوەڵایەو خۆی لەو پەنجەرەوە خستە خوارەوەو بە ساخی کەوتە سەر زەوی و پاشان بزر بوو. خاتوونیش هەرچەندە بە شوێنیا گەڕا


نەیدۆزیەوەو پاشان ماڵو سامانەکەی خۆی بە چینی هەژاران بەخشیو دایە کێواو دەیریو لێوە بوو.

ئیبراهیمی ئەدهەم: بە پێی پەڕاوی "تذكرةالاولياء" ئیبراهیمی ئەدهەم میری بەڵخ بوو، وە گەلێ سپاو خوڵام و نۆکەرو کەنیزی هەبوو، وە لە بارەگاکەیدا چل خوڵام بە چل شمشێرو چل گورز و چل قەڵخانی زێڕین پاسەوانییان لێوە ئەکردو لە بەردەم ئەوا لە هات و چۆدا بوون. شەوێکیان لەسەر تەختەکەیدا نووستبوو، لە نیوە شەودا بنمیچی ماڵەکەی زرمەیێکی لێوە هات، دیارە کەسێک رۆیشتبووە سەربانی ماڵەکەی، لەپڕاوریای بووەوەو هاواری کرد کێیە؟ وتی: ئاشنایە، وشترێکم گوم کردووەو لەم بانە بە شوێنی دا ئەگەڕێم. ئیبراهیم وتی: ئەی نەزان، بەشوێن وشترەکەدالەسەربان ئەگەڕێی؟. ئەویش لە وەڵاما وتی: ئەی گێل! ئەی تۆ چۆن ئەتەوێ خوا لە جلو بەرگی ئاورێشمینو تەختی زێڕیندا ببینی؟

ئیبراهیم لەم قسانە ترسو لەرز کەوتە دڵیو تا رۆژ ئارامی نەگرتو لە بێ ئارامیدانەسرەوت و ئیترخەوی پیانەکەوت. کاتێ رۆژ بووەوەو چووە بارەگاو لەسەر تەختەکەیا دانیشت، لەبەرئەوەی پەژارەو خەم دایگرتبوو، لەگەڵ خۆیا وزینەی ئەکرد. خوڵامانو نۆکەرانو هەموو ژێردەستان بە دەوریا راوەستان. لەم کاتەدا لەپڕ پیاوێ بەسامو سامدار لە دەرگاوە هاتە ناوەوە. ئەوپیاوە بە جۆرێ سامدار بوو کە هیچکام لە نۆکەرانو خوڵامەکان زاتیان نەبوو کە پێی بڵێن تۆ کێیت، هەموویان لە ترسا نەیانئەوێرا قسە بکەن تا گەیشتە بەر تەختەکەی ئیبراهیم. ئیبراهیم پێی وت چیت ئەوێ؟ وتی: ئەمەوێ بێمە ئەم کاروانسەرایە. وتی: ئێرە کاروانسەرا نیەو بارەگای منە، مەگەر تۆ شیت بوی؟. وتی: ئەم بارەگا بەر لە تۆ هی کێ بووە؟. وتی: هی بابم. وتی بەر لە ئەو؟ وتی هی باپیرم. وتی بەر لە باپیرت هی کێ بووە؟. وتی: هی فڵان کەس. وتی بەر لە ئەو؟ وتی هی بابی فڵان کەس. وتی ئەی خاوەنە پیشووە کانیان چییان بەسەردا هات؟. وتی هەموویان دەرچوونو مردن. وتی وایە ئەمە ئێرە کاروانسەرا نیە کە یەکێکی تێ دێتو یەکێکی لێ دەرئەچێ؟ ئەمەیە وتو لەپڕ پێوار بوو. وە ئەو پیاوە سامدارە هافی خزری زیندە بوو.

بڵێسەی ئاگری لەشوگیانی ئیبراهیم پتر بوو، وە ئێشی دەردەکەیزیاتر بوو. چونکە ئەوەکارەساتی شەوی بوو، وە ئەمەش رووداوی رۆژی، خۆیشی واقی





وزما بوو کە چی بکاو چی نەکا . پاشان فەرمانی دایەخوڵامەکانی کە ئەسپی بۆ زین کەن و بڕواتە راو تا پەژارەی دڵی دەرکا . ئەسپیان بۆ زین کردو لەگەڵ هەندێ لە سپاکەیا چووە راو ،وە بە پەشۆکاوی هێدی هێدی رووی کردە دەشت و بێدی ،وە خۆیشی نەیئەزانی بۆ کوێ ئـەڕواو چی ئەکاو بە کوێ ئەگا .

لەو پـەشۆکاوی‌یەدا لـە لەشکرەکەی جیا بووەوە ،لە رێدا بانگی هاتەگوێیا کەوریا بەرەوە. گوێی نەداو رۆیشت .دیسانەوەئەودەنگەهاتەگوێیا، هەر گوێی نەدا .جاری سێهەم هەر ئەو دەنگیە بیست و خۆی دوور خستەوە. جاری چوارەم هەمیسانەوە دەنگێ هاتە گوێیا کە وریا بەرەوە ئەگینا بە زۆر وریـات ئەکەنەوە. ئیتر بـە هۆی ئەم دەنگی دوایی‌یەوە ورەی لە دەست بەرداو هێزی تیانەما .دیسان ترس و پەژارەکەوتە دڵی .لە ئەسپەکەی دابەزی و هاتــەوە سـەر خــۆی و لە کردەوەی پێشووی خۆی پەشیمـــان بووەوەو بە پەشیمانی نـاوی خـوای تاق و تەنیای هێنایە سەر زمان .کە سەرنجی ئەم لاووئەو لای خۆی‌دا شوانێکی دی کە کەپەنەکێکی لەبەردایەو کڵاوی نەووی لە سەردایەو رانە مەڕێکی لەبەرە. کاتێ باش‌بەشوانەکەدا روانی،زانی کە یەکێ لـە خوڵامەکانی خۆیەتی .کەوا زێڕینەکەی داکەن و کڵاوە زێوینەکەی لە سەر دەرهێناو لەگەڵ رانە پەزەکەیا دایەخوڵامەکەی و لە جیاتی ئەوانە کەپەنەکەی و کڵاوە نەووەکەی ئەوی وەرگرت و کردیە بەری، وە بەم جۆرە، جلو بەرگی چەپەڵ و پیسی جیهانی لەبەر داکەن و جلو بەرگی خاوێنی هەژاری لەبەر کرد .

بەم چەشنە بـە پیادە لەسەر کێـوان و دەشتە پان و بەرینەکان‌دا ئەگەڕاو بو گوناهەکان و کردەوەی پێشووی خۆی ئەگریاو فرمێسکی ئەڕژاند تا گەیشتە رووباری مەرو.لەوێ‌دا پردێ بوو ،پیاوێکی دی کە لە پردەکە کەوتە خوارەوە ،وە ئەگەر ئاوی رووبارەکە بیبردایە ئەیخنکاند ،لە دوورەوە بانگی کـرد خوایا بیپارێزە ،وە باوەکوو پیاوەکە مەلەی نەئەزانی ئاوەکە داینەماڵی و خستیە کەنارەوە ، خەڵکەکەش چاویان بڕی‌یە ئیبراهیم و وتیان ئەمە کێ‌یە؟ ،وە لەوێوە کەوتە رێ تا گەیشتە نیشابوور. جێگایێکی تەریک و چۆڵی ئەویست کـە تیایا خەریکـی نوێژو رۆژوو پەرستنی خوای گەورە بێ تا گەیشتە ئەشکەوتێ ، وە نـۆ ساڵ لەو ئەشکەوتەدا مایەوە ،وە هەر شەوانی پێنجشەمە ئەچووە سەر غارەکەو ئێزنگ و چێوو داری کۆ ئەکردەوەو

دەمەدەمی بەیانی ئەچووە نیشابوورو ئەیفرۆشت و لەپاش نوێژی هەینی بە پووڵو دراوی ئەو چێوو دارە نانی ئەسەندو نیوەی ئەدایە دەروێش و هەژارو نیوەیشی بۆ توویشووی هەفتەیێکی دائەناو قنیاتی پێ ئەکرد.

ئەگێڕنەوە کاتێ خەڵک لە کارەساتی ژیانی ئەو لە ئەشکەوتدا ئاگەدار بوون، هەموو کۆبوونەوە تا بچنە دیتنی، بەڵام بەرلەوەی خەڵکەکە ئیبراهیم ببینن ئەو لە ئەشکەوتەکە دەرچوو، وە بەرەو مەکە کەوتە رێ، وە ئەو دەمە شێخ ئەبوو سەعید رۆیشتە دیتنی ئەشکەوتەکەو وتی: خوایا ئەگەر ئەم ئەشکەوتە پڕ لە مسک بوایە، ئەوەندە بۆنی خۆشی لێنەئەهات، کە چی جوامێرێ ماوەیێک لێرەدا بووە، ئەم هەموو بۆن خۆشیە بەجێ هێشتووە.

ئەگێڕنەوە کە ئیبراهیمی ئەدهەم ماوەی چواردە ساڵ دەشت و بیاوان و بێدی بڕی، وە لەم ماوەدا هەر خەریکی پەرستنی خوای تاقانە بوو تا گەیشتە مەکە، پیران و پارێزکارانی مەکەکە لە هاتنی ئەو ئاگەدار بوون هاتنە بەرەو پیری‌یەوە. ئیبراهیم کەوتە بەر کاروانە کەوە تا نەیناسن. خەڵکەکە کاتێ گەیشتنە ئەو، لێیان پرسی ئیبراهیمی ئەدهەم نزیک بووەتەوە یانە؟ تا پیران و خواناسان کە هاتوونەتە بەرەو پیری‌یەوە بێنە لای. ئیبراهیم وتی لەو زەندیقە چیتان ئەوێ؟. خەڵکەکە لێی تووڕە بوون و چەند زللەیان پێ‌گەیاندو وتیان: پیران و پارێزکارانی مەکە هاتوونەتە بەرەوپیری‌یەوە کە چی تۆ زەندیقی پێ‌ئەڵێی؟ دیسانەوە پێیانی وت: من پێتان ئەڵێم کە ئەو زەندیقە.

کاتێ لە ئەو تێپەڕین، ئیبراهیم لە دڵی خۆیا وتی: ئەوە دەردت بێ، ئەتەویست کە پیران و پارێزکاران بێنە بەرەو پیریتەوە، ئەوا چەند زللەت خوارد نۆشی گیانت بێ. پاشان لە مەکەدا نیشتەجێ بوو، وە لە مزی دەستی خۆی ئەژیاو خەریکی چێوتاشی بوو.

ئەڵێن ئیبراهیمی ئەدهەم جارێکیان وتی: خوڵامیکم سەندبوو، پێم وت: ناوت چیە؟. وتی چی ناوم بنی. وتم چی ئەخۆی؟. وتی: تا چیم پێ‌بدەی. وتم چی لەبەر ئەکەی؟. وتی تا چی بفەرمووی. وتم چیت ئەوێ؟. وتی: بەندەو خوڵام کاری بە ویستەوە چیە؟. پاشان هاتمە خۆماو بیرم کردەوەو بە خۆمم وت: ئەی هەژار، ئایا تۆ لە سەراسەری تەمەنتا بەندەیی وا بووی؟، بڕۆ رێگەی بەندەیی فێر بە، ئەوەندە گریام





که له هۆشی خۆم چووم.

ئەگێڕنەوەو ئەڵێن کە وتیان: گۆشت گرانەو لە سەندنا نایێ، ئیبراهیمی ئەدهەم وتی: ئێمە هەرزانی ئەکەین. وتیان چۆن؟. وتی گۆشت ناسەنین‌و نایخۆین. دیسان ئەڵێن: ئیبراهیمی ئەدهەم جارێکیان وتی: سەردەمێ چەند ڕۆژ برسیم بوو،ڕۆیشتمە باخێ‌و چەند هێشوی ترێم لە مێوی هەڵکەندو هەر جارێ کە داوێنەکەم پڕ لە هێشوو ئەکرد لێمیان ئەداو هێشووەکانیان لێم ئەسەند تا چل جار وایانە لێم کرد. بۆ جاری چل‌و یەکەم دیسانەوە هێشووم چنی، بەڵام ئەمجارە هیچێکیان نەوت. دەنگێکم لە پێوارەوە بیست کە ئەو چل جارە بۆیە لێت درا لە بەرانبەری ئەوچل قەڵخانە زێڕینە بوو کە لە بەردەمتا دەیانبردو ئەتیانپاراست.

دیسان ئەگێڕنەوە کە ئیبراهیمی ئەدهەم وتوویەتی: کاتێ باخێکیان بە من سپارد تا خاوەنی کەم، خودان‌و خاوەنی باخەکە هات‌و وتی: هەنارێ شیرینم بۆبێنە. بۆیم هێنا ترش بوو.

وتی: هەنارەکە ترشە، شیرینم بۆ بێنە. دیسانەوە ترش بوو. خاوەن باخەکە وتی: سەرم سوڕ ئەمێنێ، باخەوان چۆن نازانێ کام داری بەرەکەی شیرینەو کام داری ترشە؟ لە وەڵاما پێم‌وت. من باخەکەت بۆ بەخێو ئەکەم، ئیترتام‌و مەزەی هەنارەکەم نەچەشتووە کە بزانم کامەی شیرینەو کامەی ترشە. خاوەن باخەکە وتی ئەگەر بەهەڵەدا نەچم تۆ بەم پارێزکاری‌و خواناسی‌یە ئەبێ هەر ئیبراهیمی ئەدهەم بی. کاتێ ئەم قسانەمە لەوەوە بیست لەوێشەوە دەرچووم.

بوودا: بوودا کە بە تیشکی ئاسیا ناوبانگی دەرکردووە، خولی گەنجیەتی لە مەڵبەندەکەی خۆیدا بردووەتە سەر، بەڵام دەورێکی نوێ لە ژیانی ئەودا دەستی پێ‌کردووە. واتە لە ژیانی پڕ لە خۆشی خۆی چاوی پۆشی‌و وەکوو پارێزکاران‌و دەروێشان لە دەشت‌و بیاوان‌دا بە هەردەگەری ژینی بردەسەر.

جا با بزانین چۆن بووە کە بوودا وڵاتی باووباپیری خۆی بەجێ‌هێشتووەو وازی لەکۆشک‌و دەبدەبەی ژیانی هێناوەو ژینی بەهەژاری لە دەشت‌و کێوا بردووەتە سەرو پاشان خەریکی ڕێنموونی خەڵک بووەو

خەڵکی بەرەو ڕێی ڕاستو خواپەرستی هانداوە.

ئەمە روونە کە ژیانێ هەمیشە پڕ لە خۆشیو بێ ئەرکو بێ قڕە بێ لەگەڵ سرشتی مرۆی ساخو بەئاوەزا سازگار نیە. مرۆی ساخو ژیر ئەگەر بەم چەشنە ژیان باتە سەر شەکەتو ماندوو و نائومێد ئەبێ، وە تەوژمێ لە لەشو ئەندامی ئەوا دێتە دیو پاشان ئەو مرۆیە بە شوێن ڕێگایێکی رۆشنو بەرەو ئامانجێکی بەرزتر ئەگەڕێ تا لەو ژینە یەکسانە رزگاری بێ.


بوودا کە لە کۆشکە جوانەکەی خۆیدا ئەژیا، رۆژێکیان بۆ ڕابواردن بە دورشکەکەی خۆی لە کۆشک دەرچوو و کەوتە گەڕان، لەم گەڕانەدا چاوی کەوتە پارێزکارێکی گۆشەگیر کە خەریکی پەرستنی خوای تاقانە بوو، وە چاوی لە هەموو خۆشییەکانی جهان پۆشیبوو.

لە گەڕانەوەیدا کاتێ نزیکی شار بووەوە، کچێ لەسەربانی کۆشکێک چاوی کەوتە ئەو، وە بە دەنگێکی بەرز پێی وت: خۆزگەم بەو کیژە کە لە داهاتوودا ئەبێتە هاودەمو هاوسەری تۆ. لە کۆشکی تایبەتی بوودا دا چەند کەنیزێ جوانو شۆخو شەنگ خەریکی لێدانی تارو تەنبوور بوون و کۆمەڵەیێ لەسەماکەرانیش لە بەردەمیا سەمایان ئەکردو ئەیانەویست ئەو لە بیرو ئەندێشەی پاکو بەرزی خۆی لادەن، بەڵام ئەو گوێی نەئەدایە هەواو نەوایان، وە شەوان زوو ئەخەوتو لە دەمە دەمی تاریک لێڵی بەیانیاندا لە خەو ڕائەپەڕی، وە کاتێ سەرنجی ناو کۆشکەکەی ئەدا، چاوی ئەکەوتە سەماکەران کە هەر کام لە لایێکەوە راکشاونو لە خەودا وڕێنە ئەکەنو کەف ئەچەرێننو بەشێ لە لەشیان کەوتووەتە دەر.

بوودا لە چاو پێکەوتنی ئەم دیمەنە نالەبارە، لە شەرما ئارەقی ئەڕژانو خۆی لە نێوانی دۆزەخو دۆزەخییەکان دائەدی، وە کۆشکو ژیانی بەجارێ لێ تاڵ بوو. بوودا بە خۆی وت: ئێستا کاتی کۆچ کردنمە، بەڵام ئەی کوڕەکەم کە تازە لەدایک بووە چی لێ بکەم، باشتر ئەوەیە کە کاتێ گەیشتمە پلەو پایەیێکی بەرزی خواناسی بگەڕێمەوەو بە کوڕەکەم بگەمو باش پەروەردەی بکەم.

بوودا بەم چەشنە کۆشکو وڵاتی خۆی بەجێ هێشتو لە ماڵو بنەماڵەی خۆی، خۆی دوورخستەوە وە لەژنو منداڵو خزمو گەلو وڵاتی باوو





باپیری دوور کەوتەوەو شەوانە هەڵات ، مارایائەهریمەنی ناپاک وەکوو سێبەر کەوتبووە شوێنی وئەیەویست ئەو لە رێگە لاداو دڵی تاریک کا .

بوودا پاش ماوەیێ رێبڕین لە ژێر دارێکا دانیشت بۆ ئەوەی پشوو بداو شەکەتی دەرچێ . لەم پشوودانەدا خوا دڵی ششتەوە وبە تیشکی خۆی دەروونی روون کردەوە ،مارای ناپاک کاتێ هەستی بەوە کرد کە خوای مەزن دەروونی بوودای روون کردووەتەوە ، ناهومێد بووو هەڵات . بوودا ش لەپاش گەیشتن بە پلەوپایەی بەرزی خواناسی ، بەرەو مەڵبەندەکەی خۆی گەڕایەوەو ئەوسا خەڵکی بەرەو رێی خواناسیو پەرستنی خوای تاقانە بانگێشت ،وە بەم چەشنە پاشماوەی ژیانی بردەسەر تا لە ساڵی ٤٨٠ی پێش زایندا لە جیهان ماڵ ئاوایی خواست .

ئەم بەسەرهاتو رووداوانە پەیوەندی بتەوی تیرەکانی ئێرانیو نەتەوەکانی تری دەراوسێ کە لەگەڵ ئێرانییەکاندا خزمایەتیێکی نزیکیان هەبووە پیشان ئەدا . ئەم کارەساتو بەسەرهاتانە کە لە ناو کوردەوارییدا باوەو بۆنی خواناسیوکوردایەتییان لێ دێ ، نوێنگەی بیرو بڕوای نەتەوەی قارەمانی کوردەو ئاوێنەیێکی باڵانمایە بۆ روون بوونی رێورەوشتو بیرو بڕوای نەتەوایەتی کە لەوانەدا خواپەرستیو جوامێریو داوێن پاکیو لێبوردووی گەلی نەبەزو وریای کوردمان بۆدەرئەکەوێ .

ئەم رووداوە مێژووییە کە ئێستا لە ناو کوردەوارییدا بە شێوەی بەیتوباو باوە ،گەرچی تائێستا لە لایەن گەلێ لە هۆنەرە بەرزەکانمانەوە بەزاراوەی کرمانجی باکووری هۆنراوەتەوە ،منیش بە هیوای ئەوە بووم کە هەلو دەرفەتم بۆ هەڵکەوێو بە زاراوەی کرمانجی باشووری (سۆرانی) بیهۆنمەوە ،تا خواوڕاستان لە هاوینی ساڵی ١٣٥٤ی هەتاویدا ئەم هەلەمە بۆ هەڵکەوتو لە ماوەی حەوتەیێکدا بە هۆنراو هۆنیمەوەو بە ئەنجامم گەیاند . جا ئەگەر پێتان باش بوو یا خراپ ،هەر ئەوەم لەدەست هاتووەو ئەوەم لە وزەدا بووە .

تاران ١٣٦٠ – صدێق بۆرەکەیی

# رازونیاز



به ناوی خودای گەورەو بێهەمتا
پەروەردگاری تووانای یەکتا

ئافەرینندەی رۆژیارو زەمان
خەمو شادی دەر بە بوونو نەمان

رۆزی دەهەندەی مەلو مارو مۆر
بەدیهێنەری زەویو مانگو خۆر

هەڵچەرخێنەری چەرخەکەی گەردوون
رۆشن کەرەوەی دڵو ئەندەروون

بینەری بێچاو، بیسەری بێگوێ
رەژیدەی گێتیو گۆو مانگی نوێ

ڤەداندەری شەو هەم رۆژی رووناک
ئافەرینندەی ئاوو ئاورو خاک

جۆشدەری سینەی روونی دەروێشان
سارێژکەرەوەی دەردی دڵرێشان

ئومێدو هیوای گشت بێئەنوایان
هاودەمی رازی خاوەن بڕوایان

خوایا بە شان و شکۆو فەڕی تۆ
بە مانگو تەمو مژو هەوری تۆ

بە ئەستێرانی روونی ورشەدار
بە ئاسمانی گەشو پرشەدار

بە نزیکانی بارگەی پێغەمبەر
بە ئاوی روونو خاوێنی کەوسەر

بە حەوواو ئادەم بە دیدەی گرین
بە ئەو رۆژە وا کەوتنە سەرزەوین



به یەسع و ئیدریس به صالح و هوود　　به ئیبراهیمی خەلیلو داوود
به رزگاری نۆح لە تۆفی تۆفان　　به کێوو دەشتو ئاوی سەرتافان
به ڕاستی هاروون به لووت و عیسا　　به پاکی مریەم به زەنگ کلیسا
به جوانی یووسف به دەردی ئەییووب　　به تۆفی ئەسری چاوانی یەعقووب
به مووساو شوعەیب به یەحیاو ئەلیاس　　به خۆشەویستی پیاوی ڕاسو خاس
به پاڕانەوەی ناڵەی زەکەریا　　کە لە نێوانی دارێ شەق کریا
به یوونس کە وا کەوتە زک ماسی　　لەوێ پاڕاوەو ئەتۆی خاس ناسی
به سلێمانو پەپووی شانەسەر　　کە بۆ هافی ئەو دەشتی گرتە بەر
به سۆزی دڵی قەیسی هەردەگێڵ　　به شوێن لەیلادا سەرگەردانو وێڵ
به بێئارامیو ئەسرینی عەزرا　　کە هەر بۆ وامق دڵەکەی دزرا
به خۆشەویستی وەنەوشی نازار　　دڵی بەڕەزای خستووەتە ئازار
به شەنگی شیرین بە جوانی پەروێز　　بە فەرهاد کە وا لە ژین بوو وەرێز
به ناڵەو سۆزو قرچەی دڵی گوڵ　　بە خواپەرستی شازادەی دڵ کوڵ
به ڕەنگی گوڵی سووری ئاڵو واڵ　　کە ژینی بولبوڵ بۆ ئەو ئەبێ تاڵ
به شەونخوونی دایکی مێهرەبان　　کە بۆ کۆرپەکەی گیان ئەکا قوربان
به برووسکەی هەور دەمی بەهاران　　بە لافاوی ئاو چۆمو رووباران
به شۆخو شەنگی ناسک نازاران　　بە ئاهو ناڵەی لە ژین بێزاران
به ڕەشپۆشانی دڵ پڕ زوخاوان　　کە ئەسر ئەرژێنن بە خوڕ لە چاوان
به مەستۆشانی هەمیشە سەرخۆش　　بە جامی بادەی پیری مەی فرۆش
به چاوەڕوانی گراوانی پاک　　بە گەنجو ڕەنجی شاراوەی ژێر خاک
به ڕابەڕانی دەمی تاریگەور　　بە ترسو نزاو خەو یارانی گەور
خوایا لە دەرگات ئەوەم تکایە　　خامەی بەخشینم بۆ بخەیتە کایە



من كه له دەلیای گوناح گەوزاوم — له بەزەكاری ئیتر بێزراوم
دەستوورەكانتم نەبردە رێوە — تا بۆ كڕنۆشت هەڵسمە پێوە
له نافەرمانیت زۆر شەرمەزارم — له ژینی گێتی زارو بێزارم
تۆ خۆت فەرمووتە بەخشندەی گونام — ببەخشە گونام بە تۆیە پەنام
زۆر پەشیمانم له كردەوەی خۆم — من فەدێكاری ئاسانەكەی تۆم
"صدێق" بێوەری نە كەی لە دەرگات — بیخەرە رێی راست لە رووی سەربسات

## پێشەکی

مەیگێڕ بەو پەنجەی بە خوێنم ئاڵە — بەزەت پێمابێ پڕكە پیاڵە
لەو مەیەی كە وا خاوێن‌و روونە — ئارامكەرەوەی دڵو دەروونە
ئازا پیاڵەیێک مەیم بۆ بێرا — مەدهۆشو مەست‌و خۆشمكە خێرا
لە داو پەژارە بكە رزگارم — چونكە زویرو زیزو زگارم
بە گەشكە تێكە پەیاپەی بادە — خەم‌و خەفەتی دڵم بە بادە
لە پەستا پیاڵەی مەیم بۆ بێنە — دەردی دەروونم بۆ داسكێنە
روونی بخەرە ناوەق دەروونم — خاوێنی بكە دڵەی زەبوونم
بە جارێ مەست‌و مەدهۆشم بكە — لە دەردی گێتی دڵخۆشم بكە
چاوەشیش بانگكە بەزمێ پێكبێنی — بە نەوای شمشاڵ دڵ هەڵكزێنی
هەتا كچانی كوردی باڵا بەرز — دەست بگرن سەما بكەن بە صەد تەرز
بوڵبوڵان بە دڵ بخوێنن بۆ گوڵ — بە جارێ دڵو دەروون بێرنە كوڵ
لەولاوان پێچ پێچ ، پێچخۆن لە گوڵزار — قومریان كوو كوو بكەن لە نزار
كەوان قاسپەقاسپ بكەن لە هەردان — بێنە تەماشا نەرگس لە زەردان

ڕووکە پیاڵەکەم لە مەی بۆ پڕکە     پەژارەو دەردی دڵم بۆ وڕکە
هەتا مەست بم‌و بە خۆم بنازم     بە ئاشکرایی ویستم بخوازم
ئەوەند مەستم کە لە بادەی گوڵگوون     نەمێنێ ئیتر رازم لە دەروون
هەتا بێ‌پەردە رازی دڵ بێژم     دەردی دەروونم یەکسەر هەڵڕێژم
وەکوو نەی ناڵە بکەم لە گەردوون     رازو نهێنی دڵم ببێ روون
با دڵ‌و دەروون لە ناو سزابێ     بیری هەر بە لای گوڵ‌و شازا بێ
با تۆخوا وانیش زیندوو بنەوە     لە بیرو یادی خەڵک نەچنەوە
خووا پەرستی شازای لە خوا ترس     جوانی‌و بێ‌باکی گوڵ لە کەس نەپرس
شازادەی لاوی ڕووڵی ڕووگەش     گوڵ خووا جوانی پێ‌دابوو بە بەش
ئەیکەم بەشتێ زۆر خۆش‌و دڵگیر     هەتا لە جیهان هیچ نەچن لە بیر
تا لەگەڵ شازای جووانی ڕوواڵ     یەکدڵ‌و یەکگیان بین بە ئاواڵ
لە جامی باوەڕ مەیێ بنۆشن     لە گزی‌و چەوتی دی چاو بپۆشن
بۆ کزەی دڵی گوڵیش بگازن     بە ژینی گێتی هەرگیز مەنازن
بە کۆشکو تەلار خۆتان مەنوێنن     بەفری پەژارەی کۆمەڵ بتوێنن
بریني کۆنی گەل زوو دەواکەن     شەرمێ لە زێڵ‌و دین‌و خوواکەن
بۆ دایکی مەڵبەند ئازا تێکۆشن     خۆشە گەر ژاری لەسەر بنۆشن
دوژمن‌و نەیار مەڵبەند تڕۆکەن     هەڵەی زوانیشم پینەو پەڕۆکەن

## دانیشتنی شازادە سەعید لە سەر تەختی پادشایی

کاتێ حەسەن شا نۆشی بادەی مەرگ     نێژرایە گڵکۆی سپاڵ‌و بەرگ
دووگەڕی جاوو گۆڕی تارو تەنگ     بوو بە مەڵبەندی پادشای بە هەنگ
دوای ئەو بە فەرمان خووای بانی سەر     سەعید شای کوڕی نایە سەر ئەفسەر



به شێوەو یاسای باوو باپیری          دادگەری کردە پیشەی بە زیری
داراو نەدارا بە هۆی دادی ئەو          بە ئارام ئەژیان بە رۆژو بە شەو
لە ناکاو رۆژێ کەوتە بیری راو          تا لە دەروونی دەربچێ زوخاو
لەگەڵ چەند پێشکار پێگەیوو جووان          دایە قمد خۆیا دەشنەو تیرکەوان
خۆی رازاندەوە شازادەی رووال          سواری ئەسپ بوو دەرچوو وەک شەماڵ
بە دەم راوەوە ئەچوو بە رێوە          کارئاسکی ئەکوشت لەو دەشتو کێوە
لە زەردەپەڕا راو بەتاڵ کرا          فەرمان رۆینەوە بەرەو ماڵ درا
شازادە دیتی لەو دەوری دێیە          چەند کەسێک دێنو تەرمێکیان پێیە
بۆ گۆڕستانی ئەبەن بە گریان          جەرگو دڵیان بۆی ئەبێ بە بریان
کەم کەم بەسپایی هەر بە رەوتەوە          رۆیی تا لێیان نزیک کەوتەوە
روانی پیاوێکی پیرو فەرتووتە          مردووەو ئێستا زۆر رووتو قووتە
ئەیبەن ئەینێژن لە گۆڕی تاریک          تا مارو مۆران پێی ببن خەریک
شازادە گەلێ ماتو زویر بوو          بۆ ئەو پیاوە کە لە گێتی دەرچوو
بەڵام لە دڵدا گوتی ئەو پیاوە          ماوەیی فرە لە دنیا ژیاوە
منیش تا جوانم رای خۆشی ئەگرم          ئەژیم تا پیر بم ئەوساکە ئەمرم
دیسان رۆژێتر چووەوە نەچیر          گەلێ مامزو کەڵی خستە گیر
بەڵام ئەو رۆژەش لە وەرگەڕان دا          تووشی تەرمێک هات لە گۆڕستان‌دا
دڵی داخورپاو زۆر بە ترسەوە          لایدا لای مردوو بە دەم پرسەوە
سەری مردووەکەی هەڵداوە دیتی          لاوێ جووانە لە خول گەنجیەتی
مردووەو ئەیبەن بۆ ناو گۆڕێ تار          لەوێ ئەینێژن بۆ خۆراکی مار
شازادە دڵی نوقم بوو لە خەم          رۆژی رووناکی دایگرت مژو تەم
گوتی وا دیارە چنگاڵی مردن          هیچ گوێ ناداتە جوان یا پیر بردن

ئەوسا بە دڵێ پڕ لە دەردەوە    ڕێی بڕی بەسەر دەشتو هەردەوە

هەتا گەیشتە سەراپەردەکەی    فرمێسک باریە گۆنا زەردەکەی

دڵی بڕیاریدا ڕوو لە خودا کات    بە پارێزگاری ژینی بەسەربات

سەودای خواناسین کەوتبوە سەری    بەرگی شاهانەی داکەن لەبەری

ئەفسەری شایی لابرد لە بان سەر    لەگەڵ خێزانیا دەشتی گرتە بەر

هەر چیکیان هەبوو لە توێشووبەرە    هەموویان خواردو کەوتنە تەگەرە

ژنەکەی دڵی کەوتبوە تەنگی    لە برسو خەما ژاکا بوو ڕەنگی

پێی وت تۆ بۆچی وا بە خۆڕایی    لە دەستی خۆتدا گەنجی پاشایی

منداڵەکانمان ژاکان لە برسا    بۆ وات لێکردین لە بیمو ترسا

شازادە زانی لێیان قەوماوە    برسیەتی بەوان هیچ نادا ماوە

بە پەرۆشەوە کەوتە دەشتەوە    دەسکەنەی ئەکرد بە دەم گەشتەوە

هاوردیەوە ماڵ دەسی کرد بە کار    شەو تا بەیانو بەیان تا ئێوار

زەنبیلی چنی قەشەنگو ڕەنگین    خۆی کارامە کرد لە زەنبیل چنین

ڕۆژی دوایی‌تر بەری بەیانی    چەند زەنبیلێکی نایە بان شانی

دەرچوو لە ماڵو ڕووی کردە ناوشار    گەڕیا کوڵانو شەقامو بازار

گشتیانی فرۆشت شازادەی ڕوواڵ    سپاس خوای کردو گەڕایەوە ماڵ

هەموو ڕۆژێ وا زەمبیلی دەبەست    ڕۆزی ئەو ڕۆژەی بۆ ئەهاتە دەست

هەر کە تاریکی گۆی دائەپۆشی    ئەگەڕایەوە بە شادیو خۆشی

شەوگار خەریکی نوێژو نزا بوو    دڵ پڕ لە ترسی ڕۆژی سزا بوو

مێهری یەزدانی زۆر لە سەردا بوو    ترسی پەسڵانی هەر لە بەردا بوو

ڕۆژێکیان دەرچوو لە ماڵ بۆ ناو شار    زەمبیلەکانی هەڵگرت بۆ بازار

کۆڵان بەکۆڵان هەر ڕێگەی ئەبڕی    تا بە بەرماڵی پاشا تێپەڕی





خاتوون کە چاوی پێکەوت و بینی ... ئاوری تێبەربوو هەردە بوو ژینی

تیری ئەوینی بە یەکجار پێکای ... ئیتر لە هیچێ ئەو نەبوو ئاگای

هاواری لێکرد بە جۆش و خرۆش ... وەرە بو سەرەو ئەی زەمبیل فرۆش

زەمبیلەکانت بێنە لێتسێنم ... تا لە نزیکەو شێوەت ببینم

شازادە زانی زەمبیل‌سێن نیە ... پەی پێبرد کەئەو کاری پێ‌چیە

گوێچکەی بەخاتوون نەداو بۆی دەرچوو ... لەبەر چاوی ئەو بە جارێ ون بوو

خاتوون بە جارێ ئاوری تێبەر بوو ... ئارامی نەماو ئەهات و ئەچوو

دەردی دەروونی هەر خۆی ئەیزانی ... دەستووری دایە گشت کەنیزانی

ناو شار بگەڕێن کۆڵان و شەقام ... پەیدای‌کەن ئازا تا دەیهێننەلام

کەنیزان گەڕان لە کووچەو بازار ... تووشی نەهاتن، کەوتنە ناو ئازار

تا ماڵەکەیان پەیا کرد بۆ یای ... گشت گەڕانەوەو کەوتنە خاکی پای

وتیان گەڕاینە دەشت و دەر یەکسەر ... پەیامان نەکرد خاتوونی سەروەر

تەنها ماڵەکەی بۆمان پەیا بوو ... کە خێزانەکەی ئەوی تیا بوو

ئەگەر فەرمان‌دەی ئەڕۆین ئەوێستین ... هەتا دێتەوە دەستی ئەبەستین

دێننی بۆ لات بە دەستی بەستە ... هەر چێکی لێکەی فەرمان بە دەستە

خاتوون لە خۆشیا هەڵسا زوو بە زوو ... خێرا بۆ ماڵی زەمبیل‌فرۆش چوو

خێزانەکەی دی شۆخی ماپارە ... ئەوی دابین‌کرد بە زێڕو پارە

تا شەو بەرگەکەی بکاتە بەری ... بە یاری بگاو نەبێ بێوەری

ئەوسا لە جێگەی زەمبیل‌فرۆش خەوت ... بە شادی‌یەوە لەوێدا سرەوت

زەمبیل‌فرۆش چون چووبوو بۆ مزگەوت ... لە نیوەشەودا هاتەو لە جێی خەوت

نەیزانی خاتوون لە جێی نووستوە ... دیسان داوێکی بۆی دابەستوە

لەپڕ پێی کەوتە ران و خڕخاڵی ... زانی خاتوونە نووستوە لە باڵی

ئازا راپەڕی لە خەوی شیرین
لە ماڵ هەڵات وڕێژانی ئەسرین

خاتوون کە زانی ئەمڕاش دۆڕانی
ئاور بەربووە ئەندام و گیانی

بەرەو کۆشکی خۆی زوو گەڕایەوە
دڵی بە هیچی نەئەکرایەوە

لەبەر پەژارە نەبوو ئارامی
هەر دەم بە جۆرێ ئەکولاوە زامی

ئارامی نەما، تاڵ بوو ژیانی
دڵ و دەروونی بوو بە بریانی

هەتا داساکێ دەردی گرانی
دەستووری دایە گشت نۆکەرانی

زەمبیل فرۆشیان لە هەر کوێ بینی
بێهیننە لای زوو بە نهێنی

نۆکەران گەڕان سەراسەر ناو شار
زەمبیل فرۆشیان دی لە ناو بازار


گرتیان و بردیان بۆ لای گوڵ خاتوون
گوڵ کە ئەوی دی لە ناو ئەندەروون

تێرتێر سەیری کرد زۆر پێ‌ی‌دا روانی
سەری سووڕمابوو لە گفت و دوانی

بەڕێزو خێزو وتەو دوانی
بە شۆخی و شەنگی و ئەندامی جوانی

زانی شازادەو گەورە نەژادە
بۆیە وا شۆخ و شەنگە بەم رادە

بۆ ئەوەی دەردی بۆ بکا دەوا
زۆر بەرێزەوە لە تەکیا دوا





# وتەووێژی گوڵ خاتوون لەگەڵ شازادەدا


وتی شازادە ئەی مانگی تابان — بەسەرگەردت بم گیانم بە قوربان
بە قوربانت بم شازادەی جوانم — وەرە تۆ ئیمشەو بێ بۆ ژوانم
خۆ تۆ ئەزانی من هەر وێڵی تۆم — بە رۆژو بە شەو ئەراگێڵی تۆم
شێتو دێوانەی کوڵمەی جوانی تۆم — شەو تا بەیانی نەواخوانی تۆم
بێ دەماخی زام ئەبروانی تۆم — گوێ بە فەرمانی گفتو دوانی تۆم
من قەقنەس ئاسا بۆ تۆ سووتاوم — جەرگ پڕ ئاگر دڵ پڕ زوخاوم
بەندەی دلسۆزی رۆژو شەوی تۆم — من هەر تەمادار ساتێ خەوی تۆم
بۆچی دەروونت ناسووتێ بۆ من — بە تیری عیشقت جەرگم بووە کون
لە رووی بەزەیی دەردم ببیسە — لێوانی شەکرم بە لێو هەڵمیسە
مەمکانی سێوم دەست ئەفشانی کە — زۆر نازگرانی دە هەرزانی کە
ئیمشەو کەس نیە بێ هەر منو تۆ — دەمێک رابوێرین لە گێتی بێ پۆ
جەرگم کەبابە لە داخت ئیمشەو — با سەر نەنێمەو لە ئاخت ئیمشەو
سەودات ئاگرمی تێ بەردا ئیمشەو — وەختا سەر بنێم بە هەردا ئیمشەو
بەزەبیت بێتە دەروونم ئیمشەو — دەردم دەواکە زەبوونم ئیمشەو
دنیا ناڕوخی وەک شایێ ئیمشەو — بەزەییت بێتە گەدایی ئیمشەو
دڵم مەشکێنە دەردم دەواکە — بێ تاوێ ئەتۆ ترسێ لە خواکە
دەسکە ملمەوە، لێوم هەڵمژە — تێک ئاڵۆزێنە ئەم پرچو قژە
بە قوربانت بم شازادەی جووان — گوڵ هەر تەمایە تۆ بێیتە ژووان

# وەلام دانەوەی شازادە

شازادە زانی گوڵ وا پەشێوە — وتی خاتوونی گوڵ ئەندام شێوە

خۆ تۆ ئەندامت توولی نەمامە   کارئاسکی خوتەن لە بەرتا رامە
تویڵت پرشنگی هەر لێ ئەبارێ   مانگ لە تەریقی بە رووت ئەنوارێ
روومەتی جوانت هەمیشە گەشە   ئەگریجەو قژ چاوانت رەشە
نووکی برژانگت وەک تیر شەهاوە   لەشی سپیت وەک بەفری زەهاوە
شۆخی، شیرینی، شەنگی، جووانی   سۆسەنی، شەوبۆی، هەم ئەرخەوانی
لێوت شەکەرو سێوو هەنجیرە   بۆ دەردی دەروون گەلێ دڵگیرە
خاڵی سەرگۆنات رەش و سێوەنگە   زوڵفی تاڵ‌تاڵت وەک شەوەزەنگە
سینەت سۆ ئەدا وەک ئەستێرەی شەو   دەنگت دڵگیرە وەکوو قاسپەی کەو
راستە کە تۆ وا پابەندی منی   بۆ من هەمیشە دەروون کون کونی
بەڵام خاتوونی گوڵ‌ئەندام پەیکەر   فەرمانبەردارم من بە گیان‌و سەر
وەلێ تۆ خاتوون هەر بەمیر رەوای   ئەبێ تۆ بکەی دەرمان‌و دەوای
گزی چا نیە بترسە لە خوا   ئەم کارە بۆ تۆ هیچ نیە رەوا
من هەرگیز کاری ناڕەوا ناکەم   چونکە پەروەردەی ئەم خاکە پاکەم
گەلێ ئەترسم لە رۆژی دوایی   ئەکەومە بەری سزای خووایی
بێوەری ئەبم لە رۆژ رەستاخێز   هاوار بە ماڵم نامێنی لام هێز
تۆش بێ بکەوە بیری ئەو رۆژە   بترسە لە گڕ ئاوری دۆژە
لە گزی‌و گوناح بێ چاو بپۆشە   خووا پەرستی رێگایی خۆشە
من چاوم پۆشی لە تەختی شایی   دامناوە زەوی هەم رەختی شایی
وا بە دەروێشی هام لە شاری تۆ   زەمبیل‌فرۆشیم کردە سەودای خۆ
راستە کە شایی تاجی لەسەر بێ   لە رێگەی خوایە گەر دادگەر بێ
بەڵام دەروێشی بێ‌قڕەو دەنگە   چونکە مەڵبەندمان ژێری دووسەنگە
ئەبێ ببووری من لە رێگەت نیم   چونکە من هاوشان شوێن‌و جێگەت نیم





ترسی خووایی ها لە دەروونم ... گزیم پێ ناکری هانا خاتوونم
ئەبێ ببووری لێم نەبی دڵتەنگ ... من پێم ناکرێ فریوو نەیرەنگ
تۆ بێ چاکە کەو بیدە دەم ئاوا ... بێ وێرانەیی زو بکە ئاوا
لە چاکە چاکی خۆ دێتە بەرهەم ... خراپە دیارە ئەبێتە وەرهەم
ئەگەر چاکە کەی چاکە دێتە ریت ... ئەگەر خراپ بی هەر دۆزەخە جێت
چاکەو خراپەی مرۆ بە خۆیە ... ئەوەی خراپ بێ هەر رەنجەڕۆیە
بەختیاری مرۆ بە هۆی کاریەتی ... کارێ کە چاک بوو ئیتر چاریەتی
تا چەرخی زەمان ئەسووڕێتەوە ... چاکەش ئەمێنێو هەر نابڕێتەوە
ئەگەر کردەوەی کەسێ خراپ بێ ... بێ سوو ئەو کەسە بۆ دۆزەخ ئەچێ
جا تۆش بێ ئیتر روو بکە لە خوا ... هەتاکوو رەنجت بە فیڕۆ نەڕوا
نەوست بمرێنەو ویستت کەم بکە ... ئەوسا بە هیوای دوارۆژت بگە
بڕوات بتەو بێو قسەی راست بڵێ ... لە پیاوی چەوتو نالەبار هەڵێ
رێگەی راست بگرەو بەسەریا بڕۆ ... نەوا لە ژینا خۆت بکەی تڕۆ
کردەوەت راست بێو دەروونت پاک بێ ... لاشەت بە پاکی هەتا بۆ خاک بێ
هەتاکوو یەزدان بەزەیی پێت بێ ... ئەوساکە بەهەشت مەڵبەندو جێت بێ
دەسا بێ لە رێی نالەبار لادە ... بکەوە رێی خوا بە چەشنی سادە
ئەهریمەن دەرکە لە ناخی دڵت ... دڵی ناسکی وەک پەڕەی گوڵت
هەتا ئەتوانی چاکە کە بە دڵ ... چونکە سەرئەنجام هەر ئەبیتە گڵ

## وەڵام دانەوەی گوڵ خاتوون

گوڵخاتوون کاتێ بیستی وەڵامی ... زیاتر کولاوە برینو زامی
وتی شازادەی جوانو شیرینم ... خۆ تۆ ئەزانی من دڵبرینم

به دەست دڵەوە پەشێوە ژینم — لە دووری تۆوە هەردە بوو دینم
خۆ تۆ ئەزانی دەردم کارییە — شەوو ڕۆژی من ئاهـ و زارییە
بۆ هەر کەسێ وا جوان و نازار بێ؟ — ئەبێ دڵ بەردو مەردوم ئازار بێ؟
گەر مێهرەبان و نەرم و نیانی — دەست لە ملم کە شەو تا بەیانی
چونکە نەماوە ئارامم ئیمشەو — گیانە کولاوە من زامم ئیمشەو
گیانم ئەکەمە قوربانت ئیمشەو — فەرمانبەردارم فەرمانت ئیمشەو
دەروونم وەک شەم ئەسووتێ ئیمشەو — بۆی قرچەی دەروون پەی پەی تێ ئیمشەو
ئەگەر بگەیتە فەریادم ئیمشەو — ناوت دەرناچێ لە یادم ئیمشەو
سووتاوم یەکسەر وەکوو شەم ئیمشەو — گڕی گرت هێسک و هەم پێشم ئیمشەو
دڵت ناسووتێ تۆ بۆ من ئیمشەو — دوژمن وا ناکا لە دوژمن ئیمشەو
بێ لەرێی خوادا دەردم دەوا کە — من بۆ تۆ سووتام شەرمێ لە خواکە
چیبکەم ناچارم بوومە ڕنجەڕۆ — دڵم سووتاوەو کون کونە بۆ تۆ
دڵم لای تۆیە چارم ناچارە — خۆتیش ئەزانی بوومە بێچارە
خۆ نەسەقچی نیت مێهری بنوێنە — یا بێ دڵەکەم ئازا دەربێنە
یا بێ بگەیی بە ناڵەو فریام — من بۆ تۆ شەوان هەتا ڕۆژ وریام
یا بێ هەر ئیمشەو ئازا چارم کە — یا بێ بمکوژە دی ڕزگارم کە

## وەڵام دانەوەی شازادە

شازادە هاتە وەڵام و وتی — ئەی گوڵ خاتوونی لێو شەکر تووتی
بە سەرگەردت بێ شازادەی جووان — من پێم ناکرێ بەڵێن بەم بۆ ژووان
مەگەر کاری گەن وەکوو بەدکاران — چاکە ڕووبدات لە دەست نازاران؟
چۆن ئەبێ یایێ شیرین وەکوو تۆ — بکەوێتە ناو کەڵکەڵەی بێ پۆ؟





ناوی بەدناوی بەرز بێ لە گێتی — شێتیش کاری وا ناکا بە شێتی

بەڵێ ئەم کارە زۆر ناڕەوایە — بە پێچەوانەی فەرمانی خوایە

چونکە ئەنجامی هەر بەدناوییە — رووڕەشیو نەنگیو بەندوباوییە

بێ بە ناوی خوا لادە لە چەوتی — چەوتی چا نیە هاکا کە کەوتی

خواپەرستی بکەرە پیشە — سپای ئەهریمەن دەرکە بە تێشە

رۆژی‌دوایی نزیکەو ئەگا — خواوەن پرسی کارانمان ئەکا

هێزی ئەهریمەن دەرکە لە دەروون — ئەمەگی نیە چەرخەکەی گەردوون

هاکا کە زانیت بووین بە مشتێ خاک — ئەبێ تێکۆشین بۆ کارانی چاک

خۆ من دەبدەبەو تاج شاییم دانا — بوومە بە دەروێش یەزدانی دانا

ئەمجارەش ئەمن هانات لێ ئەکەم — وازم لێ بێنە بە کارم بکەم

## وەڵام دانەوەی گوڵ خاتوون

گوڵ‌خاتوون هەر کە بیستی وتاری — رۆژی رووناکی لێ بووە تاری

لە داخا وەکوو بەی کەوتە ناڵە — داوێنی گرت‌و زۆر لێی کرد لاڵە

وتی لە رێی خوا گەر خوا ئەناسی — بێ نەختێ لەگەڵ من بکە خاسی

باش نیە وەک تۆ سەوڵو سۆسەنێ — شیرەی ژینی من بۆ خۆی بسەنێ

خۆ تۆ خاوەنی بەخشش‌و دادی — نەوەی کەیان‌و شاهانی مادی

ئەبوا گەورەییت بەجێ هێنایی — بخەوتاییت تۆ لە گەڵما رایی

بۆ شەرمت نیە لە خوای بانی سەر — بترسە لە ئام بەژنی مانگ پەیکەر

هەر مەمکە بە بەرد بەزەییت کوانێ — بێلا دڵدارت پێتا بزوانێ

مەگەر هەر کەسێ جوان‌و گوڵ‌بۆ بێ — ئەبێ لەگەڵ دۆست بە وێنەی تۆ بێ

رۆژ پەسڵان دوورە بێ ساکە ئێمشەو — خۆش رابوێرین لەم خاکە ئەمشەو



سا لە رێی دینتا بێ تەنیا ئیمشەو    ماچم کە ریشەم هەڵکنیا ئیمشەو

لێو بنێ بە بان لێوانم ئیمشەو    ببە بە هاوڕێو مێوانم ئیمشەو

لە رووی گەورەیی بێرە لام ئیمشەو    بڕوانە مەمکو هەم باڵام ئیمشەو

دەم دەمانێم کە تا بەیان ئیمشەو    ئەگەر بەخشندەی بێ مەیان ئیمشەو

مەمکانی سێوم بگرە دەست ئیمشەو    لە باخم تێر تێر ببە مەست ئیمشەو

بنواڕە بەسەر بەیانم ئیمشەو    تێک مەدە تو خوا ژیانم ئیمشەو

مەست بە لە بادەی ئەوینم ئیمشەو    ئەمساتە خۆشە لە ژینم ئیمشەو

تیای پەژارەم رائەکا ئیمشەو    ئومێدو شادیم پێ ئەگا ئیمشەو

سا زووکە ژوانم پێبدە ئیمشەو    ئیتر تۆ بە من رێ بدە ئیمشەو

## وەڵام دانەوەی شازادە

شازادەی جوانو لاوی پارێزگار    بە کەیلیو دەروون پڕ لە ئاو زگار

لە وەڵامی گوڵ بە دەروونێ کوڵ    وەها لێوانی پشکووت وەکوو گوڵ

وتی خاتوونی لاڵپۆشی جووان    سۆسەنو شەوبۆو لالەو ئەرخەوان

وتەت زۆر خۆشە وەک نەوای شمشاڵ    مرۆ مەست ئەکاو زوو دێنێتیە حاڵ

راستە کە تۆ وا دەروونت زارە    پەژارەو دەردت هەزار هەزارە

بەڵام خاتوونی گوڵئەندام پەیکەر    سوێندم بە خودای گەورەی بانی سەر

هۆشو بیرم ها بە لای خوواوە    ناتوانم لەم رێ بگەڕمە دواوە

چون رۆژی پەسڵان گەلێ نزیکە    نامەوێ دەرچم لەو راسە رێگە

خووای بانی‌سەر ئاگەدارمانە    ئاگادار کارو هەم کردارمانە

بێ تۆش ساڵادە لە نادورستی    بکەوە بیری خووا پەرستی

گەرنە لە گێتی بەدکردار ئەبی    لە رۆژی دوایش شەرمەزار ئەبی



ئەزانم کە تۆ گوڵو سۆسەنی — ئەڕوا لە دەستی مرۆ ئەسەنی
بەڵام نازاری روومەت گوڵی سوور — گەلێ لەیاسای ئایین تۆهەیت دوور
وەنەوشە پەیکەر خۆ تۆ شووت هەیە — ئێدی نازانم چۆن وا رووت هەیە
ئەمن هان ئەدەی بۆ کار ناڕەوا — هەتاکوو دەرچم لە ئایینی خوا
من پێم ناکری تاوان و گزی — هاکا کە زانیت هێسقانم رزی
بێ تۆش لە بادەی خواپەرستی — بنۆشە جامێ ئەگەر کە مەستی
بێ شەرمی و نەنگی زۆر ناڕەوایە — ئیتر ببوورە ترسم لە خوایە

# وەڵام دانەوەی گوڵ خاتوون

کاتێ قسەی ئەو کۆتایی پێهات — گوڵخاتوون کەوتە وتووێژ دەرسات
وتی ئەی جوانی رووال و شەنگم — خۆ تۆ ئەزانی من زۆر دڵتەنگم
بۆ دەردی دڵم دانامرکێنی — هەتا بە من دەی هیواو مزگێنی
ئەوین گوێ نادا بە شوو و کەسوکار — چون ئاگای نیە ئەو لە رۆزگار
گەرتۆ بە قسەم بکەی ئەم ساتە — من گوناحکارم لەم سەربساتە
گونایێ کە من ئەیکەم بە تۆچی — دە ئیتر بەسیە یا خوا لە گۆچی
باڵندەی دڵم ئەفڕێ هەر بۆ تۆ — من چیبکەم لە دڵ، دڵ بوو بە بۆسۆ
ئەگەر تۆ خاوەن شکۆی و سانی — دڵم مەشکێنە پێمدە مزگانی
گەر زامم بۆ تۆ نەئەبوو ناسور — بۆچی ئەوەندە لە تۆ ئەمکرد زۆر
ئەگەر خاوەنی دادو پەیمانی — دەردی دەروونم زۆر چاک ئەزانی
دە ئیتر زووکە شەو تێئەپەڕێ — چەرخەکەی گەردوون هەروا ئەگەڕێ
هەڵسە با بخۆین جامێ مەی ئیمشەو — با نەناڵێنم وەکووو نەی ئیمشەو
تەمەن خەریکە وا ئەڕوا ئیمشەو — بگەرە فریام تۆ خووا ئیمشەو

با خۆشی بکەین دەس‌بگرین ئیمشەو    بە چەپڵەو سەما رابوێرین ئیمشەو
سازووکە ئیتر نەماوە دەرفەت    با لە دڵ دەرکەین پەژارەو خەفەت

## وەڵام دانەوەی شازادە

شازادە دیسان بە دیدەی گریـن    ئەسری هاتە خوار بە دڵی بریـن
لە وەڵامی‌دا ئەو خاوەن ئەفسەر    پەندی داباراند وەک دوڕو گەوهەر
وتی ئەی شۆخی لێو قەندو شەکـەر    بۆ شەرمێ ناکەی لەخوای بانی سەر
من چۆن بڕوانم بە گوڵ کەسێ تـر    گوناو تاوانی خۆم بکـەم پتـر
رەوا نابینم لە دیـوان خوایـی    شەرمەزار ببم لە ڕۆژی دوایـی
راستە کە تۆ زۆر شەنگو جووانـی    لە ڕەوت‌و لەنجە هـەر وەک کەوانی
لاڵ لە بەدەخشان سەر ئەدا بە سەنگ    بۆ لاڵی لێوت زویرەو دڵتـەنـگ
گوڵو سۆسەنی، لەولاوو شەوبـۆی    نێرگسی، یـاسـی، چەویری سەرکۆی
کـەوی، کـۆتـری، کوڕکوڕی هـەردی    مامزی کێـوو کـارئـاسکـی زەردی
شێوەت شیرینە دەنگت دڵگیـرە    وتەت وەک قەندە هەر ڕەوای میرە
بۆ من ناکرێ گزی لە میر کـەم    بم بە سەرکۆنەو خۆمیش ئێخسیرکەم
سوێندم بە خووای گەورەی بانی سەر    کاری وا ناکەم بەژن گوڵ پـەیکـەر
چونکە پەروەردەی ئەم خاکە پاکـەم    ئەگەر بمکوژی کـاری وانـاکـەم
بۆیە دەروێشیم کردووەتە پیشـە    هەتا ئەهریمەن دەرکـەم بە تیشە
تا ماوم ڕێگەی خووایی بگـرم    ئەم ڕێگە پاکە لە گـۆدا ببـڕم
بۆ خوا سا ئیتر لە من واز بێـرە    فەرمان دە ئەمن دەرچم لە ئێرە

## وەڵام دانەوەی گوڵ خاتوون

گوڵ‌خاتوون کە هەر وتاری ژنـەوت    بێزار بوو لە ژین لە داخا نەسرەوت





تاڵ بوو وەکوو مەی تووڵە بوو بەزار   ئەسرینی رشتە خوارەو بـە هـەزار

برۆی چین چین کرد قینی خرۆشا   رووی دا بە یەکاو دەروونی جۆشا

بە صەد قینو قار وتیە شـازادە   نەمزانی ئەتۆ ئەوەند هەیت سادە

زەبوون بووم لە دەست تۆ بە یەکجاری   زامی دەروونـم لـێ بووە کـاری

بە کام ئایینێ رەوایە بۆ تـۆ؟   دڵی ناسکم بکەیتـە بـۆسـۆ

بکەومە بەر پێت بە تکاو لاڵـە   وا وەڵامم دەی ئەویش بەم حاڵـە

ئەگەر بە قسەم نەکەی ئەمڕاش تـۆ   ئەتکەم بە پەنی رۆژیاری بـێ‌پـۆ

بە ئەندازەیێ ریسوات ئەکەم مـن   ببی بە سەرکۆی گشت دۆس و دوژمن

نەنگیت تێرمە شان نەتوانی بـژی   هەتاکوو مابی بـژی بـە دژی

بێ ساکەم باسی ئایینیم بـۆکـە   کەمێ بیـروژا لە حاڵـی خـۆکـە

لەلام بخەوە، هـەڵـمژە لێـوم   بڕوانە چاوم، بگـرە دەست سێـوم

بموشە خۆتا چاو ببڕە چاوم   با دەرچێ لە دڵ دەردو زوخاوم

جامێ لە بادەم بە دڵ بنۆشـە   مەیم شیرینـە هەنگوێنە خـۆشـە

گەر نە شازادە نەنگیت تێرمـە بـار   مەگەر هەر بگریو هەر بکەی هـاوار

وەلام دانەوەی شازادە

شازادە زانی رزگـاری نیـــە   لە دەستی خاتوون رۆزگـاری نیـە

دەروونی وەکوو نەی کەوتە ناڵـــە   بەربووە شیـنو گریـانو لاڵـــە

وتی لێو شەکەر زوڵف گرنجگرنـج   ساکە تۆ ئەوەند لە من ئەکەی زنج

باشە پێت ئەدەم من بەڵێن ئیمشەو   لەگەڵ یەکتـرا رابوێریـن ئیمشەو

بەڵام بە مەرجێ پێم بدەی مـاوە   دەست نوێژێ بگرم من لە ئەم ئاوە

تا ماوە ماوەخێراکە خیـــــرا   پڕ مەسینـەیێ ئـاوم بـۆ بێـنـرا



ئەوسا تۆ هەرچی بفەرمووی بە سەر — فەرمانبەردارم شۆخی ناز پەروەر
هەتا لە خوای خۆم من بکەم نزا — تا لە ڕۆژ پەسڵان ئەز نەدرێم سزا
گوڵخاتوون گەلێ دڵی پێ شاد بوو — دەروونی لە خەم نەختێ ئازاد بوو
وتی بە چاوان ئاوت بۆ دێنم — بە مەرجێ بکەی دەوای برینم
بە دڵ خۆشیوە هەڵسا زوو بە تاو — هەتاکوو بێنێ ئافتاوەیێ ئاو
شازادەش دەردەم ڕۆیشتە سەربان — پاڕاوە لە خوا بە شین‌و گریان
دەستی بەرزەو کرد ڕووەو ئاسمان — گریا بە چاوو پاڕاوە بە زمان
وتی یەزدانی گەورەو تەنیاو تاک — ئافەرینندەی ئاوو ئاورو خاک
نۆحت ڕزگار کرد لە تۆفی تۆفان — جووانیت دایە کەژو کۆو تافان
یووسفت لە ناو زیندان کرد ڕزگار — یەعقووبت شاد کرد لە ناو ڕۆژگار
خوایا پەناهم هێناوە بە تۆ — ڕزگارم بکە لە چەرخی بێ پۆ
شووشەی نامووسم مەدە بە سەر سەنگ — کاری پەسڵانم لێ مەکە بە تەنگ
پاش پاڕانەوەو لاڵەو سماجات — ئازا خۆی هەڵدا لە بان کۆشک دەرسات
بە ئاسوودەیی کەوتە سەری پێ — لەپڕ لە بەرچاو بزر بوو لەوێ
گوڵخاتوون کاتێ دی ئەو پێوار بوو — شەوو ڕۆژ بۆ وی هەر چاوەنواڕ بوو
خەفەت دەروون‌و دڵی داپۆشی — نەما ئارام‌و وڕینگ‌و هۆشی
ڕژا بە سەربان گۆنایا ئەسرین — لێی بێزرا ژین‌و هەم گیانی شیرین
بڕۆی چینی بەست خرۆشا قینی — پتر کولاوە زام‌و برینی
وەکوو زوڵفانی تێک چووو پەشێویا — بێچی خواردە خۆی وەک لێوە لێویا
دای بە زەویدا کاسو پیاڵەی مەی — بۆ شازادەی جوان ناڵانی وەک نەی
کاتێ دەروونی پڕ ئەبوو لە دەرد — بە شین‌و ڕۆ ڕۆ وێڵ ئەبووە سەر هەرد
خاکی ئەکردە سەردا بە هاوار — یەخەی دائەدڕی لە سەر تا بە خوار

نالەی ئەگەییە چەرخـی حەوتەمیـــن    دەروونی گـڕی ئـەدایـە زەمیــن

گوڵ هەر بە شین‌و ڕۆو هەناسەی سارد    گیانی شیرینی بە ئاکام سپـارد

خۆری تەمەنی کەوتە ئاوابـــوون    قاڵی بڕاوە لە چەرخ پڕئە فسـوون

لە جیاتی سەرین دوو بەرد وەک ئەستوون    لەسەر گۆڕەکەی دانرا لە گـەردوون



# فەرهەنگۆک

## ئەو وشانەی نایانناسی لێرەدا چاویان بۆ بگێڕە

### ئا

ئافتاوە : مەسینە ـ دەفرێکە بۆ دەستنوێژو دەم و چاوشتن بەکار دێ.

ئاڵوودە : پیس، چەپەڵ.

ئاواڵ : هاواڵ، هاوەڵ، هەڤاڵ، دۆست.

ئاور : ئاگر، ئاتر، ئایر، ئاهر.

ئەرخەوان : ناوی دارێکە کە گوڵەکەی سوورەو لە سەرەتای بەهارا ئەپشکوێ.

ئەز : من.

ئەسر : ئەسرین، هەرس، فرمێسک.

ئەسرین : ئەسر.

ئەفسەر : تاژ، تاج.

ئەمەگ : ئەمەک، وەفا.

ئەنوا : نەوا، مایەی بەڕێچوون و گوزەران.





## ب

بادە : مەی.

بارگە : بارەگا ، بارگا .

باڵندە : پەلەوەر.

بژوا : باوەژ.

برین : زام ، ڕێش.

بزر بوو : پێوار بوو ، لەبەرچاو نەما ــ لە (بزربوون) بە واتای (پێوار بوون) هاتووە.

بگازن : بناڵن ــ لە (گازین) بە واتای (ناڵین) وەهاتووە.

بڵێسە : بڵێزە ، هاڵاو.

بەژمزا : ناوی ڕووەکێکی بەهاری‌یە کە گەڵایێکی وردی هەیەو پتر لەسەر کێوانا ئەژوێ.

بەزە : گوناح، گوناه. بەزەیی.

بەزەکاری : گوناهکاری.

بەسپایی : بەئەسپایی ، بەئارامی.

بەندوباو : قسەی هەڵبەستراوو ناشیرین.

بێ ئەنوا : بێ‌نەوا ، هەژار.

بێوەری : بێ بەری ، بەشبڕاو. (محروم)

## پ

پارێزگار : خۆپارێز ، هەریس. (زاهد)

پاگەند : یاقووت.

پتر : زیاتر.

پەپوو : پەپووسلێمانە.

پەژارە : خەم ، خەفەت ،کەسەر.

پەسڵان : ڕۆژی دوایی .

پیزۆک : ناوی رووەکێکە کە
گەڵاکانی وەکوو
گەڵای کەوەر وایەو پتر لە کوێستانەکان
ئەڕوێ .

پێشکار : بەنی ، کەدی ،
خولام .

پێشە : پیشە. ئێسقان ،
هێسک .

پێوار : بزر ، ون .

پێوار ،بوون : بــزربــون ، ون
بوون .

ت

تاریگەور : تاریکو روون ،
تاریکو لێڵەی دەمی بەیانی .

تکا : رووناان لە کەسێک
بۆ شتێ یا کارێک .

توول : خەڵف ، نەمام .
تووێشووبەرە. توێشوودان،تۆشمدان

توێڵ : تەوێڵ ،ئەنی ،
ناوچەوان .

تەگەرە : تەڵەکە ،گێچەڵ ،
رووشە ،مەترسی. تێکدانی کارێک و
دواخستنی .

تەلار : کۆشک .





تەمەن : ژی ، سیرە . (عمر)

تێشە : ترێشتنە .

## چ

چاوەش : چاوش ــ بە کەسێک ئەڵێن کە تەنبوورو دەهۆڵو زوڕنا لێبدا .

چۆم : چەم .

چەگەن : ناوی چەشنە روەکێکە کە لە شاخو چڕدا ئەڕوێ .

چەویر : چەشنە گوڵێکی بۆن خۆشەکە پتر لە کوێستانەکاندا ئەڕوێ .

## خ

خاس : چاک .

خامە : پێنووس .

خاوێن : پاک .

خودان : خێو ، خاوەن .

خۆهەڵدان : بازدان ، پەڕین .

## د

داهێنەر : ڤەداندەر ، دروستکەر .

دۆژە : دۆزەخ .

دەلیا : دەریا ، زەریا ، زریە .

## ر

ڕۆژیار : ڕۆزگار .

ڕۆژیسزا : ڕۆژی پەسڵان .

روواڵ : جوان ، لاو ، گەنج ، شۆخ ، شەنگ ، نەشمیل ، جوان .

رووبار : چەمی گەورە .

روود : ناوی چەشنەسازێکە .

روون : ڕۆشن ، ڕووناک .

ڕەژیدە : دروستکەر ، داهێنەر .

## ز

زام : زەخم ، برین .

زگار : پەرێشان ، وەڕەز ، بێزار .

زنج : بیانک ، بیانوو ، کۆخ ، کۆلیت .

زویر : زیز ، تۆراو ، ئەنگر ، تۆریاو .

زەرد : کێوی زۆر سەخت .

زەردەپەڕ : خۆرەزەرد .

زەمبیل : زەنبیل .

زەوین : زەوی .

زێد : شوێنی لەدایک بوون .

زێڵ : هێزی دەروون ، هۆلمان ( وجدان ) دل

## ژ

ژووان : بەڵێن ، پەیمان .

ژووانگە : جێ ژووان ــ شوێنی پێکگەیشتنی دوو دڵدار .





## س

سۆ : رۆشنایی ، روونی .

سەرکۆ : سەرزەنشت ، تانە .

سەرکۆنە : سەرکۆ .

سەوڵ : سەروو ــ ناوی ــ
داریکی هەمیشە سەوزی گەڵاوردە .

سێوەنگ : برۆی رەشی پەیوەس .

سیپاڵ : جل‌و بەرگی کۆن .

## ش

شازا : شازادە .

شەقام : خیاوان .

شەونخوونی : شەوارە ، شەوبێداری .

شەوەزەنگ : شەویزۆرتاریک .

شیرین : جوان . ناوی دڵدارەکەی
خەسرەو پەروێزی ساسانی‌یە .

## ف ـ ڤ

فریو : فێڵ ، ریپ .

فەدێکار : شەرمەزار .

ڤەداندەر : داهێنەر ، دروستکەر .

## ک

کارئاسک : بەچکە ئاسک .

کایە : گەمە ، یاری .

کڕنۆش : کوڕنۆش . (سجدە)

کۆرپە : ساوا ، منداڵی
شیرەخور .

کۆشک : سەراپەردە . (قصر)

| | |
|---|---|
| کەسمر | : خەم ، پەژارە ، خەفەت . |
| کەڵ | : نێـرەکێوی ،نێرەی بزنە کێوی . |
| کەڵکەڵە | : خولیاکەوتنەسەر . |
| کەور | : ئەشکەوت ، غار . |

## گ

| | |
|---|---|
| گراو | : سەوداسەر ،دڵبراو . (عاشق) |
| گزی | : گزە ،فێڵ ،تەشقەلە . |
| گڵکۆ | : گۆڕ . |
| گۆ | : گۆی زەوی . |
| گونا | :کولم . |
| گوناح | : گوناھ،سووچ . |
| گوێچکە | : گوێ . |
| گێتی | : جیھان . |

## ل

| | |
|---|---|
| لاڵ | : جۆرە گەوھەرێکی بایی دارە. (لعل) |
| لەولاو | : گوڵی لاولاو. |

## م

| | |
|---|---|
| مامز | : ئاسک. |
| مرو | : ئادەمیزاد . |
| مزگانی | :.مزگێنی . |
| مەیگێڕ | : مەیدەر ،مەیرێژ . (ساقی) |





## ن

نزا : پاڕانەوەوئاواتی باش.

نوێ : نۆ.

نەختێ : کەمێ ، بڕێ.

نەسەقچی : جەلاو. (جلاد)

## و

وڕ : کاس.

وڕبوون : کاس بوون.

وەرینگ : وەقرە ، ئارام.

ون : گوم.

ونبوون : گوم بوون.

وەڕێز : بێزار.

وەڵام : وەرام.

وەنەوش : ناوی دڵداری بەڕزمزایە.

## ه

هاف : ئاست ــ بۆ پیاوی زۆرگەورەو مەزن بەکار ئەبرێت. (حضرت)

هەڵچەرخێنەر : هەڵسووڕێنەر.

هەڵمیسان : هەڵمژین.

هێسقان : ئێسک ، ئێسقان.

هیوا : ئومێد.

## ی

یای : خات ، خاتوون.



# چاوەڕوانی ئەم پەڕاوانەی نزی دانەربن

١ – دووبەیتی‌یەکانی بابەتایەری هەمەدانی .
٢ – کۆمەڵە وتار
٣ – کوردستان ( بە هۆنراو ) .
٤ – مێژووی نەتەوەی کورد – لە کۆنەوە تا پەیدا بوونی ئیسلام .
٥ – مێژووی وێژەی کوردی (لە چەند بەرگدا ) .
٦ – تەڵای دەستەوشار یا مێژووی بوێژانی هەوشار .
٧ – پێش‌بینی‌یەکانی خان ئەڵماسی لوڕستانی .
٨ – شەماڵ و زەلان – بە هۆنراوو پەخشان .
٩ – بەندو باوی کۆمەڵایەتی
١٠ – کوردو نەورۆز .
١١ – فەرهەنگی بۆرەکەیی – لە کوردی‌یەوە بۆ کوردی (لە چەند بەرگدا ) .
١٢ – پەندی پێشینان .
١٣ – تەختی سلێمان یا ئاگرگای شیز (مێژوو ) .
١٤ – راپەڕینی کاوەی کورد (مێژوو ) .
١٥ – وتەکانی زەڕدەشتی مادی (بە هۆنراو ) .
١٦ – پیری دەریا (هۆنراو ) .
١٧ – بەختەوەری (چیرۆک ) .
١٨ – گۆرانی (هۆنراو ) .
١٩ – هۆزی بۆرەکەیی .
٢٠ – دیوانی بۆرەکەیی .
٢١ – ناسینی راستەقینەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام .
٢٢ – تُحفةُ الأَنبیاءِ (بە هۆنراوی کوردی و عەرەبی ) .

Zambile Frouch

# Les Poésis

## S. Borakaï (Safi. Zâdeh)

[illegible]

[illegible]